گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ئاڵنگارییەکانی بەردەم ژنانی چالاکوان و پرسە جێندەرییەکان

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە عێراق

**م.ی. دنیا سەڵاحەدین مەردان**

بەشی کاری کۆمەڵایەتی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق

Dunya.mirdan@su.edu.krd

**پوختە**

ژنانی چالاکوان لە عێراق، کە کار و چالاکیەکانیان لە چوارچێوەی پرسە جێندەرییەکان و پرسی ژن دەکەن ڕووبەڕووی زۆر ڕێگری و ئالنگاری دەبنەوە. لەم توێژینەوەدا هەوڵ دەدەین کە ئەو ئالنگاریانە دەست نیشان بکەین و هۆکارەکانی دەبنە ئاستەنگ لە بەردەم کاری ژنانی چالاکوان بخەینەڕوو. هەروەها ئەو هۆکارانەی دەبنە بەربەست لەبەردەم بەردەوام بوون لەسەر هەڵمەتەکانی داکۆکی کردن کە بۆ پرسی ژن دەکرێن لە نێو ڕێکخراوەکانی ژنان دیاری کراون  بۆ ئەم مەبەستە میتۆدێکی کواڵیتەیتڤ بەکارهێنراوە بۆ چاوپێکەوتن لە گەڵ ٢٢ دانە چالاکوانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە کار لەسەر پرسی ژن و چیندەر دەکەن لە بەرنامەو پرۆژەکانیان دا.

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/٦/٢٣

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/١٠

بڵاو کردنەوە: زستان ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان:**

Key concepts: civil society, gender issues, women activists, gender, advocacy campaign

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.4.8

## پێشەکی

لە عێراق و هەرێمی کوردستان، ژنانی چالاکوان بە زۆر بەربەست و ڕێگریدا تێپەڕیون، ئەم بەربەستانە تا ڕۆژی ئەمڕۆشمان هەر بەردەوامن. بۆ داکۆکیکردن لە ماف و پرسەکانی ژنان، چالاکوانان زۆرجار لە پێکانی ئامانجەکانیان سەرکەوتوو نابن. ئەو هۆکارانەی دەبنە ڕێگر لەبەردەم پێشکەوتنەکان و بە ئەنجام گەیاندنی پرسەکانی ژن زۆرن، دەکرێ هەندێک لەو هۆکارانە کۆمەڵایەتی، ئایینی، ئابووری،

سیاسی، .... تاد بن، بەڵام گرنگترینیان ئەو هۆکارانەن کاتێک پرسەکە پەیوەست بێت بە داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان و پرسی جێندەری و ئاسایشی ژیان و سەلامەتی داکۆکیکەران بکەوێتە مەترسییەوە، هەڕەشە بکەوێتە سەر گیانی چالاکوانان و ئارامی ژیانیان لێ بشێوێت.

تیشک خستنە سەر ئەو ئاڵنگاریانەی ژنانی چالاکوان ڕووبەڕووی دەبنەوە و کاریگەریی جڤاک چییە لەسەر ئەو پرسە جێندەریانەی ژنانی چالاکوان کاری لەسەر دەکەن، تەوەری سەرەکی توێژینەوەکەیە. هاوکات ئەو پاڵپشتیانەی ژنانی چالاکوان پێویستیانە بۆ بەردەوامبوون لە کار و چالاکیاکانیان خراونەتەڕوو. توێژینەوەکە بەسەر پێنج بەشدا دابەش بووە. لە بەشی یەکەمدا پرسیارەکانی توێژینەوە لە چوار پرسیاردا خۆی دەبینێتەوە، ئەوانیش؛ زانینی ئەو کۆسپانەی ڕووبەڕووی ژنانی چالاکوان دەبنەوە لەسەر پرسە جێندەرییەکان چین؟ ئەو پاڵپشتیانە چین کە پێویستیانە؟ هەروەها کۆمەڵگا و دامودەزگاکانی چۆن دەبنە هۆکار بۆ کاریگەریکردنە سەر کاری چالاکوانە ژنەکان؟ ئایا هیچ هۆکارێک هەیە بۆ پاشەکشەکردن لای ژنانی چالاکوان لەسەر پرسێکی جێندەری تایبەت؟ بۆ هەڵێنجانی وەڵامەکانی توێژینەوەکە ئامانجەکانی دیاریکراون بۆ دەستنیشانکردنی ئەو ڕێگریانەی لەبەردەم کاری ژنانی چالاکوان دەوەستنەوە، بۆ پرس و مافەکانی ژنان و زانینی ڕادەی کاریگەری کۆمەڵگا لەسەر کار و هەوڵەکانی ژنانی چالاکوان، بۆ پاڵپشتیکردنی پرسەکانی ژن و پرسە جێندەرییەکان.. هەروەها دۆزینەوەی هۆکاری پاشەکشە و دوورکەوتنەوەی ژنانی چالاکوان لە کارەکانینان. لە بەشی دووەمیشدا، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی دەستەواژە و چەمکە تایبەتەکان بەم توێژینەوەیە، چەند خوێندنەوەیەکی جیاواز کە لە میسر و لوبنان و عێراق کراون و نزیکن لە بابەتی ئەم توێژینەوەیە، خراونەتە ڕوو. لە بەشی سێیەمیشدا، میتود و نموونەی توێژینەوە لەگەڵ ئەو گرفتانەی دێنە پێش توێژەر باسکراوە. بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە چاوپێکەوتنی نیمچە پێکهاتەیی لەگەڵ ٢٢ ژنە چالاکوانی عێراقی کراوە کە تەمەنیان لە نێوان (٣٠ - ٦٠ ساڵ) بووە. لە بەشی چوارەمیشدا، شیکردنەوەی داتا و زانیاری دەستکەوتوو و گفتوگۆکردن لەسەریان خراونەتە ڕوو. لە بەشی پێنجەم و کۆتاییشدا، دەرەنجام و ڕاسپاردەکانی توێژینەوە باسکراون.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە لە زۆر بواری جیاواز و تایبەت بە پرسی ژن باس و گفتوگۆ دەکرێت بەڵام تا ئێستا (بە پێی زانیاریەکانی توێژەر) بە شێوەیەکی زانیستیانەو ئەکادیمیانە ئەمە دەبێتە دەستتپێکێک بۆ گەنگەشەکردنی پرسی جێندر لە نێو ژنانی چالاکوان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە عیراق و هەرێمی کوردستان.

## پرسیارەکانی توێژینەوە:

- ئەو بەرەنگاریانە چین کە ژنانی چالاکوان لە کارکردنیان لەسەر پرسە جێندەرییەکان ڕووبەڕوویان دەبنەوە؟
- ئەو پاڵپشتییانە چین کە ژنانی چالاکوان پێویستیانە بۆ کارکردنێکی جۆریی لەسەر مافەکانی ژنان و پرسە جێندەرییەکان؟
- ئایا دامودەزگاکانی کۆمەڵگا چ کاریگەریان لە سەر کاری ژنانی چالاکوان هەیە بۆ پرسە جێندەرییەکان؟
- چی وا دەکات کە ژنانی چالاکوان پاشەکشە بکەن لە هەڵمەتەکانی پاڵپشتیکردنی تایبەت بە پرسە جێندەرییەکان ؟

## ئامانجی توێژینەوە:

- دەستنیشانکردنی ئەو ڕێگریانەی کە لەبەردەم کاری ژنانی چالاکوان دا هەیە بۆ پرس و مافەکانی ژنان.
- زانینی ڕادەی کاریگەری جڤات و کۆمەڵگە لەسەر کار و هەوڵەکانی ژنانی چالاکوان بۆ پاڵپشتیکردنی پرسەکانی ژن بەگشتی و پرسە جێندەرییەکان بە تایبەتی.
- دۆزینەوەی هۆکاری پاشەکشە و دوورکەوتنەوەی ژنانی چالاکوان لە هەڵمەتەکانی داکۆکیکردن بۆ پرسەکانی ژنان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ناساندن و خستنەڕووی چەمکەکانی توێژینەوە

### 1.4 کۆمەڵگای مەدەنی:

ئەگەر بمانەوێ پێناسەیەکی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەین "مەبەست لەو کۆمەڵەیە لە شارەکانەوە سەرهەڵدەدەن و درێژە بە ژیانی ئاسایی خۆیان دەدەن، هەروەها بەردەوام لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆسپەکانی ژیان و سەردەمدا، سەرکەوتن و پێشکەوتنی گەورە ئەنجام دەدەن" (Anwar, 2004, لاپەڕە 14). یاخود " هەر گردبوونەوەیەکی مرۆییانە، کە لە دۆخی سروشتییەوە (زگماکی) دەگۆڕێ بۆ باری مەدەنی بە هەبوونی ئۆرگانێکی سیاسی کە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنێکی گرێبەستی نوێنەرایەتی دەکرێت" (Abduljabar, 2006, p. 11). لە ساڵی (٢٠٠٣)ـەوە لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر عێراقدا هاتن، کۆمەڵگا بە گشتی گۆڕانی بەخۆوە بینی، لەم میانەشدا کۆمەڵگای مەدەنی لەدایکبوونێکی نوێی تۆمارکرد. ئەم لەدایکبوونەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئەنجامی هاوسەنگی و خۆشگوزەرانییەوە نەبوو، بەڵکوو بەرهەمی بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان و ئەجێندا ناکۆکەکان بوو لەسەر چەند ئاستێکی جیاواز، وەک: سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی (Abduljabar, 2006) .

### 2.4 ژنانی چالاکوان:

مەبەستمان لە ژنانی چالاکوان، ئەو ژنانەن کە لە هەموو بوارە سیاسییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی سەربەخۆ بێت، یان ناسەربەخۆ، کار و چالاکییەکانیان لە ناو کۆمەڵگادا لە چوارچێوەیەکدا کردووە کە پەیوەستن بە پرسی ژنان و کچانەوە.

### 3.4 پرسە جێندەرییەکان:

هەموو ئەو پرسانەی لەسەر بنەمای ژنبوون، یان پیاوبوون دیاریکراون بۆ بەدەستهێنانی ماف. بەدەستهێنانی پرسی یەکسانی بە واتای " ڕەتکردنەوەی هەموو جیاکارییەک، کە ڕێ دەگرێت بەهرەمەندبن لە مافەکان بە هۆکاری توخمبەندییەوە" (Qaradaghi, 2018, لاپەڕە 25). بەم پێیە و لەم توێژینەوەدا، هەر پرسێک کە پەیوەندی بە ژنان، یاخود کچانەوە هەیە بۆ بەدەستهێنانی مافێکی ڕەوا بۆ ژیان و مامەڵەیەکی یەکسان وەک مرۆڤ، دەگرێتەوە.

## لێکۆڵینەوەکانی پێشوو:

دەزگای ڕۆژهەڵات بۆ پەرەپێدانی مرۆیی و بە هاوکاری دەزگای کۆنراد ئادنیاور، پێنج لێکۆڵینەوەیان سەبارەت بە دەرفەت و ئاڵنگارییەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە لوبنان ئەنجام داوە. لە یەکێک لەو پێنج لێکۆڵینەوانە بە ناوی " مافی ژنی لوبنانی بۆ پێدانی ڕەگەزنامە بە خێزان"، سەعدی عەلوە باس لە ئاڵنگارییەکانی ئەو هەڵمەتە دەکات کە هاتوونەتە پێش ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ ئەم پرسە، کە خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە، لەوانەش: نەبوونی هەماهەنگی، کەمی ڕێژەی سوودمەندبووان، هەستیاری بابەتەکە و تایبەتمەندییەکەی، کەمی ئەو ڕێکخراوانەی پەیوەست بەم پرسە کار دەکەن، هەروەها جیاوازی دیدگا و ئامانجی هەندێک لەو ڕێکخراوانەی لەم هەڵمەتەدا بەشداربوون.(Alwa, 2016) .

لەم توێژینەوەیەدا نووسەر جەخت لەسەر نەبوونی هەماهەنگی دامودەزگاکانی دەوڵەت و سیاسەتی پەیڕەوکراو دەکاتەوە، کە چۆن لەسەر ئەم پرسە تایبەتە هەماهەنگ نین، هەروەها باس لە کەمی ڕێژەی سوودمەندبووان دەکات بۆ ئەم داکۆکییە و لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا کۆیان دەکاتەوە، ئەویش ژنانی لوبنانین کە بەهۆی توندوتیژییەوە منداڵیان بووە و دەیانەوێت ڕەگەزنامەی لوبنانی بە ناوی خۆیانەوە بۆ منداڵەکانیان بکەن، یان ئەو منداڵانەی لە باوکێکی بیانی لە دایک بوون و دایکیان لوبنانییە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج بێت ئەوەیە، پرسە جێندەرییەکان دەبێت لە چوارچێوەیەکی قەتیسکراودا نەگیرسێنەوە و بە شێوەیەک ئەو پرسانە داکۆکیان لەسەر بکرێت کە لە هەموو بارودۆخ و سەردەمانێکدا ئەنجامێکی ئەرێنیانە پێشکەش بە ژیانی هاووڵاتیان بکات.

لە کۆنگرەی "بەشداری ژنان لە ئاشتی و ئاسایش و گواستنەوەکان لە جیهانی عەرەبیدا" کە بە هەماهەنگی دەزگای فریدریش ئیبرت و یەکسانی/ سەنتەری توێژینەوەی ئافرەتان لە بەیرووتی پایتەختی لوبنان بەسترا، چەند توێژینەوەیەکی گرنگ خرانە ڕوو. لە یەکێک لەو توێژینەوانە بە ناوی " ڕۆڵی ژنان لە نێوان نەهێشتنی ململانێکان و ئاشتی و دروستکردنی شۆڕشەکان لە میسر"، د. هودا سەڵاح باس لە ڕۆڵی ژنانی میسری وەک فاکتەرێکی ئەرێنی و کاریگەری زەمینەخۆشکردن بۆ شۆڕش دەکات. هودا سەڵاح بزووتنەوەی چالاکوانانی میسری بە ناوی فێمینیزمی ئیسلامی ناودەبات و پێی وایە کە بزووتنەوەی ئیسلامی بەهێز دەکەن، لە هەمان کاتیشدا بەرەنگاری دەبنەوە کاتێک کە داوای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چاکسازی بۆ ژنانی ناو سەرکردایەتییەکانی خەباتی ئیخوان موسلمین، سەلەفی، یان وەسات دەکەن. لەلایەکی ترەوە، باس لەو ژنانە دەکات کە شەڕ بۆ مافەکانی ژنان دەکەن، زۆر جار بەناوی ئایین، یان دابونەریتەوە پێشێل دەکرێن. چالاکوانان لە هەوڵی باشترکردنی مافەکانی ژناندان، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی دەقە ئایینییەکان و شارستانیەتی ئیسلامی. هەر لە هەمان توێژینەوەدا جەخت لەسەر دابەشکردنی ئەم بزووتنەوە ئیسلامییە فێمینستییە دەکاتەوە بۆ سێ گوتاری سەرەکی. یەکەمیان؛ گوتاری زۆرینەی ژنانی بزووتنەوەکە، کە خوشکانی سەلەفی و بانگەوازی ڕۆڵڕەگەزی تەواوکەر بۆ هەردوو ڕەگەز بانگەشت دەکەن. دووەم؛ گوتاری کەمینەکان، کە ئیسلامیزمی ناوەڕاست دەگرێتەوە. سێیەم؛ گوتاری کەمتر لە کەمینە، کە یەکسانی لە کایەی گشتی و تایبەتدا دەگرێتەوە. چالاکوانانی هەڵگری گوتاری یەکەم کە بەشی زۆرینەن، باوەڕیان وایە سەقامگیری بە دەست دێت ئەگەر هاتو جێندەر ڕۆڵێکی تەواوکەری هەبێت نەک یەکسان، بۆیە ئامانجیان بەدەستهێنانی سەقامگیرییە، بە جۆرێک کە لەگەڵ دەستوور و یاساکانی خێزان بگونجێت. ئەوانەی هەڵگری گوتاری دووەمن، کە ڕەوتێکی بچووکترن لە جۆری یەکەم و بانگەشە بۆ یەکسانی دەکەن لە کایەی گشتیدا. ئەوان پێیان وایە کە لە دەقەکانی قورئاندا مامەڵەی یەکسان بۆ ژن و پیاو هاتووە و هەمان ئەرک و پاداشتیان هەیە. هەرچی زوڵم و گۆشەگیرییە کە ژنان تووشی دەبن هیچ پەیوەندییەکی بە ئیسلامەوە نییە و هەمووی دەرەنجامی ئەو لێکدانەوە پیاوسالارانەیە کە بۆ ئایین دەکرێت و زۆرینەیان پەیرەوی ئیجتیهاد دەکەن و تەفسیرێکی سەربەخۆ لەبەرچاو دەگرن. هەرچی جۆری سێیەمە ئەوانە هەڵگری گوتاری کەمترن لە کەمینەکان، بانگەشەی یەکسانی لە کایەی گشتی و تایبەتیدا دەکەن. بۆچوونی ئەم ڕەوتە ئەوەیە خودی ئیسلام هاوشێوەی ئایینی مەسیحی و جوولەکە، کۆمەڵێک دەقی پیاوسالاری تێدایە کە پیاو بەسەر ژندا باڵادەستە و مافی لێدان و هەروەها وەرگرتنی میراتێکی زیاتری هەیە لە ژن. بە بۆچوونی ئەمان، ئەو دەقانە بۆ سەردەمی ئێستا ناگونجێن و ناتەبان لەگەڵ ژیانی هاوچەرخ.(Salah, 2018)

ئەگەر هەڵوێستی ژنانی چالاکوان لە چوارچێوە بدرێت، وەک ئەوەی هودا سەڵاح بۆ ئەم سێ گوتارەی کە لە سەرەوە ڕوونکرانەوە دابەشی دەکات، ئەوا پرسی جێندەر هەر لەو چوارچێوەدا دەسووڕێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر لە ڕوانگەی ئەو سێ گوتارەوە تەماشای ژنانی چالاکوانی عێراق و هەرێمی کوردستان بکەین دوچاری دووڕیانێکی داخراو دەبین و نامانگەیەنێت بە هیچ شوێنێک. پێکهاتەکانی عێراق بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە ئایینە جیاوازەکان کە؛ موسڵمان، کریستیان، زەردەشتی، شەبەک، فەیلی، کاکەیی، ئێزدی و مەندائی دەگرێتەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە فێمینیزم و داکۆکی بۆ پرسی جێندەری هیچ کات لەو چوارچێوەدا جێگەی نابێتەوە. پرسی جێندەری پرسێکی مرۆڤایەتی جیهانییە و پێویستە لە بایەخی کەم نەکرێتەوە و لە قاڵب نەدرێت.

هەر لە هەمان کۆنگرەی پێشوودا، هەناء حەموود، بابەتێک بە ناوی "کۆمەڵگای مەدەنی عێراقی.. هەوڵی بە فشار بۆ بەرەوپێشبردنی ئاشتی و ئاسایش" کورتەیەک لەسەر بارودۆخی مرۆیی و ژنان لە عێراقدا لە پاش شەڕی داعش و هەوڵەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ ئاشتی و ئاسایش باس دەکات. هەناء حەموود باس لەوە دەکات کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەردەوام نیگەرانی خۆیان دەردەبڕن لە پراکتیککردن و پەراوێزخستن و دوورخستنەوەی ژنان لە کایەی سیاسی و بڕیارداندا، هەروەها چۆن جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کاراکردنی بەشداری ژنان لە پرۆسەی سیاسیدا پێویستییەکی گرنگ و حاشا هەڵنەگرە. (Abas، 2018)

هەرچەندە هەبوونی ژنانی چالاکوان لە کایەی سیاسی و پێگەی بڕیاردا، پاڵپشتییەکی باشە بۆ بەرەوپێشچوونی پرسی جێندەری لە سەرتاسەری دنیا، بەڵام دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت بۆ گەیشتن بە پێگە و پۆست ژنان لە لایەکی ترەوە دەستوپێیان دەبەسترێتەوە، چونکە دەبێت دانوستان و مامەڵە لەسەر جێبەجێکردنی بەرنامە و ئەجێندای لایەنێکی سێیەم بکات کە ئەویش نە بابەتی "پرسی جێندەری"یەکەیە، نە خودی "خۆی"ـەتی، بەڵکوو جێبەجێکردنی ئەو ڕۆڵەیە کە پێی سپێردراوە لە لایەن پارتەکەیەوە، نەک بۆ پەرەپێدانی پرسی جێندەری.

میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیەی بەردەست، توێژینەوەیەکی چۆنایەتیە کە تێیدا میتودی شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەکارهێنراوە بۆ شرۆڤەکردنی ئەو زانیاریانەی کە لە چاوپێکەوتنی نیمچە کراوە کۆکراونەتەوە.

مەبەست لە بەکارهێنانی چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە ئەوەیە کە توێژەر بتوانێت ئەو زانیارییانەی مەبەستییەتی دەستیان بخات و لەنێوان پرسیارە سەرەکییەکاندا پرسیاری دیکەی پەیوەست بە توێژینەوەکە بوروژێنێت بۆ ئەوەی زانیاری وردتر بەدەست بهێنێت و وەڵام بۆ ئەو پرسیارانەش

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بدۆزێتەوە کە لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا دروستدەبن، بۆیە پێویستە ئەم میتودە بگیرێتەبەر. (Payne, 2004).

هەروەها ئەوەی گرنگە لە هەڵبژاردنی ئەم میتودەدا ئەوەیە کە توێژەر تا ڕادەیەکی زۆر باش کۆنترۆڵی چاوپێکەوتنەکەی لە دەستدا دەبێت، چونکە ڕێکخستنی پرسیارەکان بۆ سەرجەم وەڵامەکان وەک یەک نییە و هەروەها پرۆسەی چاوپێکەوتنەکە پەیوەستە بە هەر بەشداربوویەکەوە. (Dawson, 2007)

## 1.6 نمونەو کۆمەڵگەی توێژینەوە:

کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتیە لە هەموو ئەو ژنە چالاکوانانەی کە لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە عێراق و هەرێمی کوردستان وەک چالاکوان لە بواری مافەکانی ژنان و پرسە جێندەریەکان کار دەکەن پێکهاتوە.

سەبارەت بە نمونەی توێژینەوەکە ئەوە توێژەر هەوڵی داوە لە ڕێگەی دامەزراوەی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لیستی ئەو ڕێکخراوانە لەسەر پرسی ژنان و کچان کار دەکەن لە بەدەست بهێنێت کە ئێستا کاران بۆ ئەوەی ناو و ناونیشانی ژنە چالاکوانەکانی ئەم بوارە دەستبخات. بۆ ئەم مەبەستە  بە شێوازێکی مەبەست دار ئەو چالاکوانانە دەستنیشان کراون کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان داکۆکیکاری مافەکانی ژن و پرسە جێندەریەکانن. نمونە مەبەستدارەکە بە پێی دابەش بوونی جوگرافییان هەڵبژێردراوان کە لە پارێزگا جیاوازەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە. کۆی بەشداربووانی توێژینەوەکە (٢٢) ژنە چالاکوانن کە خەسڵەتە هاوبەشەکانیان بریتین لەوەی کە چالاکوانی داکۆکیکەرن لە مافەکانی ژنان و پرسی جێندەری، تەمەنیان لە نێوان ٣٠ - ٦٠ساڵی دایە و لە شارەکانی (دهۆک، هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە، کەلار، خانەقین، بەغدا، دیوانیە، بەسرە) نیشتەجێن.

## 2.6 گرفتە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە:

بەهۆی نەبوونی کات و دەرفەتی چاوپێکەوتووان، پلانی داڕێژراو بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان درێژ کرایەوە، هەروەها هەندێک لە بەشداربووان کە دانیشتووی شارە دوورەدەستەکانی عێراقن، لە ڕێگای سکایپ و واتسئەپەوە بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ڕێکارە زانستییەکانی ئەنجامدانی توێژینەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، ئەمەش لە ڕوویەکەوە هاوکاری بوو بۆ کەمکردنەوەی ماندووبوون و تێچووە ماددییەکان بۆ توێژەر، بەڵام لەلایەکی تریشەوە بە هۆی خراپی کواڵیتی پەیوەندی تۆڕەکانی ئینتەرنێت لە ناوچەکانی عێراق بووە هۆی ئەوەی توێژەر زیاتر لە چەند جارێک چاوپێکەوتنەکان دووبارە بکاتەوە و نەتوانێت بە دروستی کارلێکی هزر و دەروونی بەشداربوو لەگەڵ پرسیارەکان هەڵبسەنگێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە بەشداربووان کە خوازیاربوون ئەزموونی خودی خۆیان باس بکەن و جۆری هەڕەشەکانی لێیان کراوە و دوچاری بوونەتەوە بە دوودڵییەوە باسیان دەکرد. لێرەدا توێژەر بۆ دڵنیاکردنەوە و دروستکردنی متمانە، بەشداربووانی دڵنیا دەکردەوە کەوا زانیارییەکانیان بە شێوازێکی زانستیانە پارێزراو دەبێت و بۆ هیچ مەرامێکی دیکە بەکارناهێنرێت.

### شیکردنەوەی داتا

ئەو ژنە چالاکوانانەی لە سەر ئاستی عێراق و کوردستان لەم توێژینەوەیەدا بەشداربوون، ڕای جیاوازیان هەبوو لەسەر ئەو تەوەرانەی دیاریکرابوون، بەڵام هەموویان بە گشتی لەسەر چەند چەمکێک کە لەم بەشەدا باسکراوە هاوڕابوون. ئەو ژنانەی لەم توێژینەودا بەشداریان پێکرا، خاوەنی چەندین ساڵ (٧ تا ٢٤ ساڵ) ئەزموون و کاری چالاکوانییان لە بواری مافەکانی ژنان و پرسە جێندەرییەکان هەبوو و زۆربەیان ناوی دیار و ناسراون لە بوارەکەدا. هەندێکیان بەهۆی هەڕەشە و ناوزڕاندن (تەشهیرپێکردن) شێوازی کاری خۆیان گۆڕیوە، بەڵام بەشێوەیەکی نا ئاشکرا لە خەباتیان بۆ پرسەکانی ژنان و پرسە جێندەرییەکان بەردەوامن.

زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی جێدەستیان لە گۆڕانکارییەکاندا دیاربووە، بە تایبەتی لەو پرسانەی پەیوەندیان بە مافەکانی ژنان و بابەتی جێندەرەوە هەیە. لە دوای شەڕی داعش و لەپاڵ بەتەنگەوەچوونی پرۆژە فریاگوزاری و تەندروستییەکان کار و چالاکییەکانی ژنانی چالاکوان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە کار لەسەر پرسەکانی ژنان و منداڵان دەکەن، بە شێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە زیادبوون کردووە. ئەو ڕێکخراو و چالاکوانانەی لەم بوارانەدا کاریان دەکرد ئامانج و پرۆگرامەکانیان لە چوارچێوەی بەدەستهێنانی مافەکانی مرۆڤ خستە گەڕ. لێکەوتەکانی شەڕی داعش و پێداویستییە تەندروستی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی دوای جەنگ، وای دەخواست بەرنامە و پرۆژەکان لەو ڕوانگەیەوە دابڕێژرێن کە وەڵامدانەوە بن بۆ پڕکردنەوەی ئەو پێداویستیانە.

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوە، هەروەها دیاریکردنی ئەو بەرەنگاریانەی دوچاری ژنانی چالاکوان بۆ پرسە جێندەرییەکان دەبنەوە، لە هەمان کاتدا ڕۆڵی کۆمەڵگا و کاریگەریی لەسەر کارەکانیان بۆ بەردەوام بوون، یاخود پاشەکشەپێکردنیان لەسەر هەڵمەتەکانی داکۆکیکردن لە پرسە جێندەرییەکان، لەم بەشەدا باسکراوە.

**ترس، ناوزڕاندن، ئابڕووبردن و نەبوونی ئاسایش لەسەر ژیانی ژنانی چالاکوان**

ژنانی چالاکوان لە عێراق و کودرستان، هاوڕابوون لەسەر مەسەلەی ئاسایش و تەناهی ژیانیان کە لە مەترسیدا دەبینرێتەوە. نەبوونی ژینگەیەک تێیدا سەلامەتی ژیانی ژنانی چالاکوان و خانەوادەکانیان دابین بکات، بە شکستی حکومەت و کۆمەڵگای مەدەنی ناوخۆ و نێودەوڵەتی دەبینن. ئەو هەڕەشە و ناوزڕاندنەی زۆربەیان ڕووبەڕوویان بۆتەوە، فاکتەرێکی سەرەکییە و کاری کردووەتە سەر بەردەوامی، یان دوورکەوتنەوەیان لە چالاکی و کارکردنیان لەسەر پرسە جێندەرییەکان. هەندێکیان بە شێوەی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی هەڕەشە بوونەتەوە، جا چ بە ڕێگای پەیوەندی تەلەفۆنی بێت، یان لە ڕێگەی نامەوە بێت، هەندێکیشیان بەشێوەی ئۆنلاین لە ڕێگای پەیج و پلاتفۆرمە فەرمی و نافەرمییەکانی کە هەیانە، هەڕەشەیان لێکراوە.

هەندێک جار هەڕەشەکان گەیشتوونەتە سەر منداڵ و ئەندامانی تری خێزانەکانیان. کاری ژنانی چالاکوان و داکۆکیکەران لە مافە مەدەنی و پرسە جێندەری و سیاسییەکانیان هەمیشە لە چوارچێوەیەکی سنووردارد بووە، ئەم چالاکوانانە ڕووبەڕووی ئەو هەڕەشانە دەبنەوە کە دەرەنجامێکی دیاریکراوی ڕەگەزی هەیە و لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە توندوتیژی زارەکی و هەڕەشەی جەستەیی و دەستدرێژیکردن بە ئامانج دەگیرێن (Lattimer, 2018). یەکێک لە ژنە چالاکوانەکان کە کار لەسەر ئەم کەیسانە و بواری مافی ژن دەکات دەڵێت: " بە تەلەفۆن هەڕەشەی کوشتن و حەیابردنیان لێ کردم ئەگەرواز لەو کارە نەهێنم، لە پەیج و پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان زۆر جنێو و قسەی ناشیرینیان پێ وتم" (ژنێکی چالاکوان، تەمەن ٥٠ساڵ، سلێمانی، هەرێمی کوردستان). بە هەمان شێوە ژنە چالاکوانێکی عێراقی کە باس لە کاریگەری نەبوونی ئاسایش و بوونی ترس لە سەر سەلامەتی ژیانیان دەڵێت: " کاریگەری زۆری هەیە، بە تایبەتی کاتێک کە هەڕەشەت لێ دەکەن و ژیانی خێزان و منداڵت دەخەنە مەترسییەوە. جارێکیان لەسەر پرسێکی جێندەری و چەند هەڵمەتێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

داکۆکیکردن بۆ وشیارکردنەوە کارم دەکرد و نووسینم لەسەر بابەتەکە زۆر بوو، تەلەفۆنێکم بۆ هات و بە بیانووی شەرەف هەڕەشەی کوشتنم لێ کرا" (ژنێکی چالاکوان، تەمەن ٣٢ ساڵ، دیوانیە، عێراق). هەندێک جار لەم نێوەندەدا فشاری خێزانیش دێتە ئاراوە و دەبێتە هۆکار بۆ ساردبوونەوە، یان دەستهەڵگرتنی ژنانی چالاکوان لە هەڵمەتەکانیان. ژنە چالاکوانێک دەڵێت: " من داکۆکیم لە پرسی کۆمەڵێک ژن دەکرد بە مەبەستی وەرگرتنەوەی مافەکانیان ، ژنەکان هاوپیشەم بوون، کەچی خۆم ڕووبەڕووی لێشاوێکی توند و بەربڵاو لە هەڕەشە لە لایەن هێزە ئەمنیەکانی حکومەتەوە بوومەوە، بە بێناموس و بێ شەرەف ناویان بردم. دوای چەند ڕۆژێکیش بەیانییەک، ماتۆڕسوارێک بە دەمامک لەبەر دەرگای ماڵەکەم هەڕەشەی لێکردم و وتی: "وازبێنە، ئەگەر نا دەتکوژین". دواتر مێردەکەم پێی وتم کە چیتر تەحەمولی نەماوە و نابێت لە کارەکەم بەردەوام بم" (ژنێکی چالاکوان، تەمەن ٤٢ ساڵ، بەسرە، عێراق). هەڕەشە لەسەر ژیانی چالاکوانان وەک ئاماژەی پێکرا شێواز و فۆرمی جیاوازی هەیە، بەشێکیان زیاتر لە لایەنێک، یان کەسانێک دەگرێتەوە، وەک بەکرێگرتنی چەکداران، یان پاسەوانان بۆ هەڕەشەکردن بۆ سەر گیانی ئەو ژنانەی چالاکوانن، یاخود ئەوانەی بانگەشە بۆ پاراستنیان دەکرێت، وێنەیەکی دیاری ئەو هەوڵانەیە. (Lattimer, 2018)

"زۆربەی پارێزەرانی مافەکانی مرۆڤ ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە، بەڵام ڕووبەڕووبوونەوەی ئافرەتان لە مەترسی بەهۆی جێندەر و ئەو پرسانەی توخنی دەکەون زۆرترە، چونکە ئەوان پتر بەرەنگاری نۆرمە کولتووری، ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان کە لە بارەی ڕۆڵی ئافرەتان لە نێو کۆمەڵگەدایە دەبنەوە، زۆربەی کات تووشی ئازاردانی تایبەت بە جێندەر و سەرکوتکردن و ڕیزێک توندوتیژی زمانەوانی و ئازاردانی سێکسی، لاقەکردن و کوشتن دەبنەوە" (شاکەلی, ٢٠٠٩, لاپەڕە ٨٣)

## هەماهەنگی لە نێو خودی ژنانی چالاکوان

لە کاتی جەنگ و دوای جەنگ، منداڵ و ژن دوو پێکهاتەی سەرەکی کۆمەڵگان کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ زەرەر و زیانەکانی جەنگ لەسەر ژیانیان ڕەنگ دەداتەوە. لە کاتی شەڕی داعش "ئافرەتان لە تەمەنی دە ساڵییەوە تا سی ساڵی، بە هەزارانیان ڕاپێچی شاری مووسڵ و شارەکانی سوریا کران، وەک دەستکەوتی شەڕ دابەشکرانە سەر پیاوانی داعش و ئەوانیش وەک بەشی خۆیان لەو کۆیلانەی شەڕ دەیانفرۆشتن بە پیاوانی تر" (Qaradaghi, 2018, p. 199) هێنانەوەی هەندێک لە ژنانی ئێزیدی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و ئەو منداڵانەی لە سەردەمی بە دیلگرتن و ڕفاندنی دایکەکانیان لەدایک بوون، ئاریشەیەکی گەورەی لێکەوتەوە بۆ عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی، تا ئێستاش بێ چارە ماوەتەوە. ڕێکخراو و چالاکوانانی ژنان، هاوشانی پرسەکانی تری ژنان و پرسە جێندەرییەکان ئەم پرسەیان کردە خەمی خۆیان، هەربۆیە ئەجێندا و ئامانجی کاری چالاکوانان بە شێوەیەکی بەرچاو بۆ ئەم مەبەستە ڕێکخران. بۆ پاڵپشتیکردنی بەرنامە و پرۆژەکانیان ژنانی چالاکوان لە ڕێگای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەوڵی بەدەستهێنانی پرۆژەی تەرخانکراو و پاڵپشتییە داراییەکانیان لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەدا. لە ئاکامدا، ڕێڕەوی کولتووری کارکردنی پێشوو کە ڕێکخراوەکانی ژنان کاریان لەسەر دەکرد گۆڕانی بەسەردا هات. بۆ نموونە گرووپی ئاشتی بۆ ژنانی سیاسی[1] کە کاریان لەسەر چەندین پرسی هەستیار و پرسەکانی ژنان لە کایەی سیاسیدا دەکرد بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی جێندەری کە ژنانی چالاکوانی لە باکگراوندی جیاوازەوە کۆکردبووەوە، درزی تێکەوت و ئەو کولتوورەی کارکردن لەسەر بنەمای کولتوورێکی کۆدەنگی کە پرسی ژنی تاووتوو دەکرد ڕووی لە کاڵبوونەوە کرد. ئەم گرووپەی ژنانی چالاکوان دەستکەوتێکی بەرچاویان هەبوو، بە تایبەت لە سەر چەند پرسێکی سیاسی کە ئامانجیان بەدەستهێنانی پاڵپشتی سیاسی و بەشداری و یەکسانی ژنان بوو لە پەرلەمان و هەڵبژاردنەکاندا، هەروەها بەشداری کاندیدی ژن بۆ وەزارەتەکان. بەهەمان شێوە لە هەوڵەکانیان بۆ کردنەوەی یەکە جێندەرییەکان لە وەزارەتەکاندا ڕۆڵی باڵایان هەبوو. نەمانی چالاکی ئەم گرووپەی ژنانی چالاکوان بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، کەوتنە ناو ململانێ و پێشبرکێی بەدەستهێنانی پرۆژە بە شێوەیەکی تاک لایەنانە بۆ ڕێکخراوەکانی خۆیان وای کرد کە هێز و توانایان بۆ ئەو پرسانەی کاریان لەسەر دەکرد کەم بێتەوە و ئەو کاریگەرییەی نەمێنێت.

زۆرێک لە ژنانی چالاکوان پێیانوایە کەوا کولتووری تاک لایەن و هەوڵی یەکلانەیە هیچ کات لەگەڵ پرس و پێداویستییەکانی ژنان یەکناگرێتەوە، بۆیە ڕێکخراوەکان و ژنانی چالاکوان پێویستە لەنێو خۆیاندا هاوکار و هەماهەنگ بن بۆ ئەوەی ئامانجەکانیان بپێکن و بە پلە و پێگەکانی بڕیار بگەن. هەندێکجار ژنان بۆ گەیشتن بە پێگەیەکی دیاریکراو، بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان پێش دەخەن کە

[1] گرووپی ئاشتی بۆ ژنانی سیاسی: گرووپێکی ژنانی سەرکردەی حیزبە سیاسییەکان بوون کە ئامانجیان ئاشتی و بەهێزکردنی پێگەی ژنانە لە کایەی سیاسیدا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەنگە هەندێک جار هۆکارەکە ئەوە بێت کە "ئەو پرسانەی ژنان دەباتە ناو بزووتنەوەی هاوسۆزی لەگەڵ ژنانی دیکە زۆر جار بە تایبەتی پرسی جێندەر نین" (Segal, 2005, p. 53). هەندێک لایان وایە کەسایەتی و توانای ژنی چالاکوان هۆکارێکی گرنگە بۆ بەردەوامی " دەبێت کە باس لە ژنی چالاکوان دەکەین ئەوە بزانین کە هەموویان بە توانا نین و ڕۆشنبیریان لەو ئاستە بەرزەدا نییە، هەندێک جار ململانێ لە نێو خودی ژنانی چالاکواندا بە شێوەیەکە کە پرسە سەرەکییەکەیان لە بیردەچێتەوە" (ژنێکی چالاکوان، تەمەن ٣٢ ساڵ، بەغدا، عێراق). بۆ پاڵپشتی لەم بیروڕایە چالاکوانێکی تر لە هەرێمی کوردستان دەڵێت: "ڕێکخراوەکانی ژنان ناتوانن بە هەماهەنگی پێکەوە کاربکەن، مونافەسەیەکی زۆر توند لە نێوانیاندا هەیە کە پرسەکەیان پەرشوبڵاو دەکات. هەر ئەو ژنانەش کە دەگەنە پلە و پۆستێک و بڕیاربەدەست دەگرن، یان شەڕی ژنانی تر دەکەن، یانیش شەڕی ژنانی تر، پەخەیان دەگرێ!" (ژنێکی چالاکوان، تەمەن ٥٢ ساڵ، هەولێر، کوردستان).

هەروەها نەبوونی هەماهەنگی و یەکدەنگی و پشتیوانی، بۆ کارکردن لەسەر پرسە جێندەرییەکان لەلایەن خودی چالاکوانانەوە لەسەر ئاستی شارەکانیشدا دەردەکەوێت، " گرووپی ژیان2 کۆمەڵە ژنێکی چالاکوانن هەر ڕووداوێک، یان کەیسێک لە شاری سلێمانی پەیوەست بە پرسی ژن، یان جێندەر هەبووایە زۆر چالاکانە کاریان لەسەر دەکرد و بێدەنگ نەدەبوون، بەڵام لە هەولێر و دهۆک بەو جۆرە پاڵپشتی پرسەکە نەدەکرا، لە کاتێکدا بابەتەکە پەیوەندی بە هەمووشمانەوە هەیە وەک ژن"(ژنێکی چالاکوان، تەمەن ٤٧ ساڵ، هەولێر، کوردستان).

نەبوونی هاودەنگی و پاڵپشتی لە نێو ژنانی چالاکوان لێرەدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە خۆدی ژنانی چالاکوان دەستیان لە بە قوربانیکردنی پرسەکانی ژندا هەیە، ئەمەش بە شێوازێکی تر بە قوربانیکردنی ژن و پرسەکانییەتی بە دەستی ژنان خۆیانەوە.

ئەرلین ماکلاود (MacLeod, 1992) لە نووسینێکیدا بە ناوی "پەیوەندییە هەژموونییەکان و بەرخۆدانی جێندەری" باس لەم بابەتی قوربانی بوونە دەکات، کەوا لە لایەن خودی ژنانەوە چۆن

[2] گرووپی ژیان: لە ساڵی ٢٠١١ گرووپێک لە ١١ کەسایەتی ئەکادیمی و کۆمەڵایەتی سیاسی و چالاکوان پێکهاتبوو، بە ئامانجی ڕووبەڕووبوونەوەی کوشتن بە بیانووی شەرەف و کار و چالاکییەکانیان لە چوارچێوەی هۆشیارکردنەوە و بەرەوپێشبردنی تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی دروست بووبوو.

قبووڵکردنێکی چالاکانەی "قوربانی بوون" و دووبەرەکی لەلایەن خودی ژن خۆیەوە دەبێت بە دیبەیتی زۆرینەی ژنانی فێمینست، کاتێ کە باس لە بەشداری ژنان و هێز و پەیوەندییەکانی دەسەڵات دەکەین. ئەوەی ماکلاود لەم نووسینەیدا ناوی لێ دەنێت Passive Victimization & Active Acceptance' بە واتای ئەوەی ژن وەک یاریزانێکی ژێردەستە ڕۆڵی هەیە لە قبووڵکردنی قوربانیبوون، چ جای ئەو قوربانیبوونە ڕاستەوخۆ بێت، یاخود بە شێوەیەکی شاراوە کە فۆرمی جیاواز وەردەگرێت. ئەمەش وا دەکات هەوڵی ژنان بۆ پرسی جێندەر و ئەو داکۆکیانەی کاری لەسەر دەکەن، بە نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان خودی ژنان خۆیان کەلێنێکی گەورە بخاتە بەردەم هەوڵەکانی ژنانی چالاکوان بۆ گەیشتن بە ئامانج و ئاواتەکانیان.

**کولتور و بیروباوەڕی ئایینی**

لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگایەکی پیاوسالاردا مافەکانی ژن وەک مرۆڤ پێشێل دەکەن، ئەستەمە ژنان بتوانن ڕووبەڕووی نەریتە باوەکان ببنەوە، ئایین و دەسەڵاتی ئایینی دەبێتە باشترین هۆکار بۆ سەرکوتکردنی هەوڵەکانی ژنانی چالاکوان، بە تایبەتیش پرسە جێندەرییەکان. بیروباوەڕی باو لە هزری تاکەکانی کۆمەڵگادا بە ئاسانی گۆڕانی بەسەردا نایەت، بە تایبەتی لە کۆمەڵگایەکی پیاوسالاردا کە کولتوور بۆ خزمەتی پیاوان بەرجەستەیە. ژن بە گشتی و ژنانی چالاکوان بە تایبەتی دوچاری ململانێیەکی گەورە دەبنەوە، فشاری کۆمەڵگا بە هۆی نەبوونی هۆشیاری کۆمەڵایەتییەوە کارێکی ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر هەوڵی ژنانی چالاکوان بۆ کارکردن و بەدواچوونی پرسی ژن.
چالاکوان و بەرگریکارانی ژنان لەسەر بنەمای جێندەری ڕووبەڕووی سنووردارکردنی کار و چالاکییەکانیان دەبنەوە، ئەویش بەهۆی ئەو نۆرمە کۆمەڵایەتیانەی کە ژنان لە چوارچێوەیەکی ناوخۆییدا دەبەستێتەوە. ژنان بە پێی ئەو بیروباوەڕە باوەی لە ئارادایە سنووری کار و چالاکیان ناو ماڵ و خێزانە، بۆیە پێیان وایە کار و هەوڵی چالاکوانان هەم لە ڕێگەی چالاکییەکانیانەوە و هەم لە ڕێگەی پاراستنی ژنان و کچانی لاوازەوە تێکدانی کولتوور و نۆرمی کۆمەڵایەتییە (Lattimer, 2018). هاوکات ئەوانەی دژ بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنین، بە تایبەتیش ئەوانەی کار لە سەر پرسی ژن دەکەن، دژ بە هەوڵ و چالاکییەکانیان دەوەستنەوە. ژنێکی چالاکوانی خاوەن ئەزموون باس لە ڕێگیری و بەرهەڵستی مامۆستایانی ئایینی دەکات بۆ هەڵمەتەکانی کە لەسەر پرسی ژنان کاری لەسەر کردووە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و دەڵێ: " من لەسەر بڕیاری ١٣٢٥ کارم دەکرد و ماڵ و حاڵی خۆم هەموو وەلا نابوو، مامۆستایانی ئایینی هەزار قسەی ناشیرینیان پێ وتم و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە زۆر لەسەر کەسایەتیم کەوت" (ژنێکی چالاکوان، تەمەن ٥٢ ساڵ، هەولێر، کوردستان). هەروەها ژنە چالاکوانێکی دانیشتووی هەڵەبجە دەڵێت: "بۆ شارێکی وەکوو هەڵەبجە ئاسان نییە تۆ بتەوێ داکۆکی لە مافی ئافرەت بکەیت، هەر لە نێو خزم و کەسوکاری خۆمان ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە بوومەتەوە و چەند جارێکە پێم دەڵێن؛ "تۆ دوای چی کەوتووی، وازبێنە"، بۆیە زۆر جار هەر خێزانەکانی خۆمان بەرهەڵستی هەوڵ و کارەکانمان دەکەن، نەخوازەڵا کۆمەڵگاکە. کۆمەڵگای ئێمە ڕانەهاتووە ژن ببینێت لە پێگەیەکدا قسە بکات هاوشانی پیاو بێت" (ژنێکی چالاکوان، تەمەن ٤٨ ساڵ، هەڵەبجە، کوردستان). لەگەڵ ئەوەشدا لە ئەم جۆرە بەرهەڵستییە بۆ هەوڵەکانی ژنانی چالاکوان لە ناوچەکانی عێراقیشدا بە هەمان شێوە هەیە، ئەگەر باجەکەی قورستریش نەبێت، کاتێک کە ئابڕوو و ناوبانگی ژن و خێزان بە ئابڕووچوونەوە دەبەسترێتەوە. ژنە چالاکوانێکی بواری مافەکانی ژنان کە خاوەن ڕێکخراوی خۆیەتی دەڵێت: " لە ناوچەکەی ئێمە هەرچەندە من ناوێکی دیارم هەیە و زۆر پابەندم بە کولتووری وڵات و خێزانەکەمەوە، بەڵام چەندین جار بە براکانم وتراوە واز لە کارەکەم بێنم، گوایە ئابڕووی خێزانەکەم بردووە! نازانم ئابڕووچوونی خێزانەکەم پەیوەندی بە داکۆکیکردنی من چییە کە دەڵێم با کچان لە تەمەنی منداڵیدا بە شوو نەدرێن!" (ژنێکی چالاکوان، تەمەن ٣٨ ساڵ، بەسرە، عێراق).

زاڵبوونی ئایین بابەتێک نییە تەنها بەسەر کۆمەڵگاوە دیاربێت، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ئەم کاریگەرییە بەسەر ئاخاوتن و گفتوگۆی نوخبەی کۆمەڵگاشەوە دەبینرێت، بە تایبەتیش نوخبەی یاسادانەر و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بۆ بەکارهێنانی چەمکی جێندەر.

### ئازادی ڕادەربرین و تێوەگلانی پارت و لایەنە دەسەڵاتدارە سیاسییەکان

زۆرینەی ئەو ژنانەی دەگەنە پێگەکانی بڕیاردان، چ لە عێراق، یان لە کوردستان سەر بە لایەنێکی سیاسی، یان سەر بە پارت و حزبە جۆراوجۆرەکانن. ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئەو ژنانە لە جێبەجێکردنی بەرنامە و پرۆگرامی پارتەکانیان لە کار و چالاکییەکانیاندا بێبەری نەبن کە لە لایەکەوە ئازادی ڕا دەربڕینیان تا ڕادەیەک سنووردا دەبێت بە هۆی ئەو بازنە سیاسییەی کاری تێدا دەکەن، لە لایەکی ترەوە پەیوەست دەبن بە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی زۆرینە کۆدەنگی لەسەر دەدات، کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوانیش هاوکارە پیاوەکانیانن. لە هەردوو لایەندا دیسانەوە ژنان ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کۆتوبەند دەبنەوە کە ئەوەش جۆرێکی ترە لە فشارخستنە سەر ژن. ئەم تێڕوانینە بە شێوەیەکی زۆر دیار و بەرچاو ژنانی چالاکوانیش دەگرێتەوە، بگرە هەندێک جار ئەو ژنانەی کە بە تایبەت لەسەر پرسە جێندەرییەکان کار دەکەن باجی گەورەی لەسەر دەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ژنانەی سەربەخۆن و لەم بوارەدا کار دەکەن و سەر بە هیچ لایەنێکی دەسەڵاتدار نین، جا چ لە حزبەکان بێت، یان لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا، پێیان وایە دەسەڵات و حکومەت هیچ جۆرە پاڵپشتییەکی ژن ناکات. ژنە چالاکوانێکی سەربەخۆ دەڵێت: "حکومەت و دەسەڵاتە حزبییەکان لە پرۆگرامەکانی خۆیاندا هیچ پاڵپشتییەکی ژن ناکەن. دەسەڵاتەکان زۆر کەمتەرخەمن لەم لایەنەوە، کەس گوێ بە پرسی ژن نادات، بۆیە ئەمنیەت و ئاسایشی ژنان بەرقەرار نییە، ئەم هەموو ژنانە دەکوژرێن بە ژنانی چالاکوانیشەوە، کەچی بکوژەکانیان ئازادانە دەسووڕێنەوە" (ژنێکی چالاکوان، تەمەن ٤٧ ساڵ، دهۆک، کوردستان). هەروەها بۆ مەسەلەی گرنگیی هەبوونی پاڵپشتی حکومەت و دەسەڵات، ژنە چالاکوانێکی دیکە دەڵێت: "حکومەت دەبێت هەماهەنگیی لەگەڵ ژنانی چالاکوانی سەربەخۆ هەبێت و گوێیان لێ بگرێت و پرسوڕایان بە هەند وەربگیرێت، تاکوو خەڵک متمانەی هەبێت کە ئەو کارەی دەیکەین بۆ سوود و قازانجی حزبێک، یان لایەنێک نییە، بەڵکوو بۆ پرسی ژنە کە وەک هاووڵاتییەکی یەکسان لەگەڵ پیاودا ببینرێت" (ژنێکی چالاکوان، تەمەن ٣٥ ساڵ، سلێمانی، کوردستان). لەمەڕ هەبوونی پاڵپشتی یاسایی لەلایەن دەوڵەت و دەسەڵاتەوە کە جێگرەوەی هێز و دەسەڵاتی حزب و لایەن بێت، ژنە چالاکوانێک دەڵێت: " ژنی چالاکوان ئەگەر سەر بە حزبێک بوو، حزبەکەی بە کاری دێنێت بۆ ئەوەی شەڕی خۆی پێ بکات، حزب و پارتە سیاسییەکان باکیان بە پرسی ژن و پرسی جێندەری نییە، تەنانەت هەر باوەڕیشیان بە توانای ژنان نییە"(ژنێکی چالاکوان، تەمەن ٣٨ ساڵ، بەغدا، عێراق). تێوەگلانی هێزە سیاسییەکان لە چالاکییەکانی ژنانی چالاکوان لەوە زیاتر دەڕوات، نەک هەر پاڵپشتی ژنان نابن، بەڵکوو دەست وەردەدەنە ئاراستەی کار و هەوڵەکانیشیان کاتێ کە پرسەکە پەیوەندی بە لایەنێک، یان کەسێکی دیاریکراوی سیاسییەوە هەبێت، بۆ نموونە ژنە چالاکوانێک دەڵێت: "لەسەر کەیسەکەی شارا[3] کارم دەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی کەسە تاوانبارەکە خزمی بەرپرسێکی حزبی بوو، هەموو ئەوانەی کارمان

[3] شارا ناوێکی خوازراوە، کەیسێکی توندوتیژی و دەستدرێژی سێکسییە.

لەسەر ئەم کەیسە دەکرد، بە چەندین شێوە هەڕەشەمان بۆ هات و لە دادگاش کەیسەکەی دیزە بە دەرخوونە کراو و هیچمان بۆ نەکرا" (ژنێکی چالاکوان، تەمەن ٣٩ساڵ، کەلار، کوردستان). هەروەها ژنە چالاکوانێکی تر دەڵێت" ئێمە دەنگمان نابیسترێت، چونکە سەر بە حزبێک نین پاڵپشتیمان بکات، ئەو ژنانەش کە لەگەڵمان دێن و بە ناو چالاکوانن، بەڵام سەر بە حزب، یان دەسەڵاتن بۆ خۆدەرخستن لە میدیاکاندا بۆ ماوەیەک دەردەکەون و ئیتر دیارنامێنن" (ژنێکی چالاکوان، تەمەن ٣٢ ساڵ، خانەقین، کوردستان).

جێی ئاماژەیە پارت و "هەندێک" لە لایەنە سیاسییەکان هەرچەندە هەندێ جار دروشمی یەکسانی و مافی ژن بەرز دەکەنەوە، بەڵام بە شێوەیەکی تاک لایەنەی ئاشکرا بێت، یان شاراوە، هەندێ جار بۆ بەرژەوەندی تاکە کەسی، یاخود حزبی دەبنە بەربەست لەبەردەم ئازادی ڕادەربڕین و بەدەستهێنانی ماف، بە تایبەتی مافی ژن لە چوارچێوەی کار و چالاکی ژنان بۆ پرسی جێندەری.

## ڕۆڵی ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیا

میدیا وەک دەسەڵاتێکی کاریگەر لەسەر فیکری کۆمەڵایەتی بە دەسەڵاتی چوارەمی بونیادی کۆمەڵگای مەدەنی دادەنرێت. چاوەڕوان دەکرێت میدیا وەک دەزگایەکی هەواڵ و زانیاری کۆمەڵگا بۆ تێگەیشتنێکی دروست و بابەتیانە ئاراستە بکات، بەڵام دەبینین هەندێک جار بە ئاراستەیەکی چەواشەکراو تاکەکان بە لاڕێدا دەبات. ئەم بە لاڕێدا بردنە چەند هۆکارێکی هەیە، دیارترینیان نەبوونی ڕاگەیاندنێکی بێ لایەن و سەربەخۆ و نەبوونی پیشەییبوونە لە کاری میدیاییدا.

لە میدیاکانی عێراق و کوردستان بە مەبەست بێت، یان بێ مەبەست هەندێک بابەتی پەیوەست بە پرسی ژن و جێندەر کە باس دەکرێن دەرهاوێشتەی نێگەتیڤیان لێ دەبێتەوە. زۆرێک لەو پرسانەی ژنان کە لە میدیاکانەوە ڕووماڵ دەکرێن لە بری ئەوەی کۆمەڵگا لەسەر پرسێکی جێندەری هۆشیار بکاتەوە، کەچی بە ئاراستەیەکی تردا دەیبات و تێگەیشتنی خوێنەر، یان بیسەر بۆ پرسەکە هێندەی تر ئاڵۆزتر دەکات. بۆ نموونە میدیا ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبینی لە کەمپەینێکی ژنانی چالاکوانی کۆمەڵگای مەدەنی و بە پاڵپشتی زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هونەرمەندان و کەسانی دیار لە کۆمەڵگادا، ئەویش مەسەلەی پێدانی ناوی دایک بوو بەو منداڵانەی لە پیاوانی داعش لە دایک بووبوون، یاخود

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەو منداڵانەی لە ڕێگەی دەستدرێژییەوە لە دایک دەبن و باوکیان دیار نییە4. بەشێکی زۆر لە پیاوانی ئایینی لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە وەک بەرهەڵستکارییەک بۆ ئەم هەڵمەتە دژایەتییەکی توند و بەرچاویان کرد. هەر لە هەمان کاتیشدا چەندین پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا هاتنە دەنگ و دژایەتیکردنی ئەم هەڵمەتە و زۆرێک لەوانەی هاوڕای ئەم پرسە نەبوون بە هەوڵی دژایەتیکردنی ئایین و کاری دژە شەرعی لە قەڵەمیان دا، کاردانەوەیەکی توندی ڕای گشتی و تاکەکانی بەرانبەر بە بابەتەکە لێکەوتەوە، تەنانەت بەرانبەر بەو کەسانەش کە ئەم هەڵمەتەیان ڕاگەیاندبوو.

زۆر جار وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ پرسە جێندەرییاکان، پەنا دەبرێتە بەر شێوازی ئەلکترۆنیش کە هێرشێکی "سیستماتیک لەخۆدەگرێت بۆ بە ئامانج گرتنی کەسێک یان کۆمەڵە کەسانێک لە ڕێگەی ئامرازی مەجازییەوە (واتە لە ڕێگەی ئەلیکترۆنیەوە پەیوەندیکردن، ئۆنلاین، یان لە سۆشیال میدیا)" (Nasser-Eddin, 2021, p. 157). یەکێک لە ژنە چالاکوانەکان دەڵێت: " لە ئاکامی ئەو چالاکییە کۆمەڵایەتیانەی دەمکردن و ئەو ڕاهێنانەی بۆ وشیارکردنەوەی گەنجان و ژنان و مافی مرۆڤ کردوومن، لە ڕێی میدیاکانەوە قسەی زۆریان لەسەرکردم ولە سۆشیاڵ میدیاش دابەزینە سەرم گوایە من بۆ کاری ئیلحاد و موثلیەت5 هانیان دەدەم ، ئەمەش وای کرد ماوەیەکی دوورودرێژ لە ماڵەکەم دوورکەومەوە، چونکە هەڕەشەم لێکراو تا ماوەیەکی باش نەچوومەوە سەر کار" (ژنێکی چالاکوان، تەمەن ٤٢ ساڵ، دیوانیە، عێراق). هەروەها ژنە چالاکوانێکی تر باس لە چالاکوانانی ژنان دەکات کە لە میدیادا دەردەکەون، دەڵێت: " هەندێک ژن لە کاتی ڕووداودا لە تەلەڤزیۆن دەردەکەون و قسە دەکەن، دواتر نایانبینیتەوە، وا دەترسێنرێن، یان قسەی ناشیرینیان پێ دەوترێت ئیتر واز دێنن"، بەردەوام دەبێت و دەڵێ: " من لە کەناڵی6 .. لەگەڵ چەند کەسانێک بۆ بەرنامەیەک بانگهێشت کرابووم، کە باسی لە هۆکارەکانی زیادبوونی ڕێژەی کوشتنی ئافرەتان دەکرد، پێشکەشکارەکە ئەوەندەی بواری بە دوو

[4] کەمپەینی "ناوی من ناوی دایکمە" کەمپەینی کۆمەڵێک لە ژنانی چالاکوان و چالاکوانانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بوو لە هەرێمی کوردستان، ئامانجیان هەموارکردنەوەی یاسای نیشتمانی ژمارە ٣ ی ساڵی ٢٠١٦ بوو. هەوڵێکە بۆ بە ئیختیاری کردنی پێدانی ناوی دایک لە پاڵ ناوی باوک بۆ ئەو منداڵانەی باوکیان دیار نییە.

[5] هۆمۆسێکسواڵیتی: ئەو کەسانەن کە لە ناو کۆمەڵگادا کێشەی ناسنامەی جێندەریان هەیە.

[6] بە لەبەرچاوگرتنی نهێنیی زانیارییەکان، توێژەر ناوی کەناڵە میدیاییەکەی لابردووە.

میوانەکەی تر دەدا، ئەوەندە ڕووی لە من نەبوو، تا تورەبووم و وتم 'تۆ گوێ لە من ناگریت' "(ژنێکی چالاکوان، تەمەن ٣٢ ساڵ، دهۆک، کوردستان). جێی ئاماژەیە ژمارەیەکی زۆر لە میدیاکان کاتێک لە سەر کەناڵەکانیان پرسێکی ژنان ڕووماڵ دەکەن، گرنگی و هەستیاری بابەتەکە بە هەند وەرناگرن و گوێ نادەنە دەرەنجامەکەی، ئەمەش بە هۆی ناپیشەیی هەندێک لە ڕۆژنامەوانان، یان دەزگاکانی میدیاییە کە بابەتیانە کار ناکەن و پرسەکە لایان گرنگ نییە، یاخود بە ئاراستەکراوی ئەجێندای سیاسی و کۆمەڵایەتی کەناڵەکە جێبەجێ دەکەن، وەک ئەرسەلان ڕەحمان باسی لێوە دەکات، دەکرێت بڵێین "پێویستە ڕۆژنامەوانان ڕێگە بدەن میوانەکان وەک یەک قسە بکەن، سەرچاوەی زانیارییەکان بە ئەندازەی یەک دەرفەتیان پێ بدرێت قسە بکەن تا هەردوو ڕوانگە، بۆچوون و زانیاری بە بێ برین و دەستکاری بۆ وەرگر بگوازنەوە" (Rahman, 2015, p. 246) چونکە "تێگەیشتن لە کاریگەری میدیا پێویستی بە تێگەیشتن هەیە کە خەڵک چۆن وەڵام دەدەنەوە" (Andersen, 2006, p. 64) بۆ ئەو بابەت و پرسانەی لە میدیاکان دەخرێنە بەر باس وپەخش دەکرێن. هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد، لەبەرئەوەی پرسە جێندەرییەکان بە کولتوور و نۆرمی کۆمەڵگای عێراق و کوردستان پرسێکی نامۆن و هەر لە سەرەتای باسکردن لەسەر ئەم بابەتانە سەنگەری لێ گیراوە و گفتوگۆی بابەتیانە لەم بارەیەوە نەهاتۆتە ئاراوە، هەر بۆیە گەیاندنی زانیاری دروست بە کۆمەڵگا لەلایەن ژنانەوە بە شێوەیەکی ژیرانە کە هەڵگری پرسێکی جێندەرین و ڕووماڵکردنیان لەلایەن ڕۆژنامەوانان لە میدیا و پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا بەرپرسیارێتییەکی هەستیار و گرنگە بۆ ئاراستەکردن و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا لەسەر ئەم بابەتانە.

### بودجە و پاڵشتی دارایی بەردەوام

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی چاویان لە دەستی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانە بۆ بەدەستهێنانی دەرماڵە و پاڵپشتی دارایی، تا بتوانن کار لەسەر بەرنامە و پرۆژەکانیان بکەن. بە ڕای زۆرێک لە چالاکوانانی بواری مەدەنی ئەو پاڵپشتییە داراییانە هەن، بەڵام بە پێی پێویست نین، یاخود درێژخایەن نین. لە چوارچێوەی هەر پرۆژەیەکدا، ڕێکخراوەکان بە کاتێکی دیاریکراو پابەند دەبن بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکان، لێرەشدا کات ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت وەک فاکتەرێکی گرنگ کە زامنی گەیشتن ناکات بە ئامانجی پرۆژەکان. هاوکات لەگەڵ نەبوونی پاڵپشتی مەعنەوی کە چ لە لایەن کۆمەڵگاوە بێت، یان لە

لایەن سیاسەتی دەسەڵاتدارەوە دەستەبەر نەکراوە. لە لایەکی ترەوە، چالاکوانانی بواری کۆمەڵگای مەدەنی لە ناوچەکانی عێراق پێیان وایە بە هۆی لەپێشبوونی ڕێکخراوەکان لە هەرێمی کوردستان و هەبوونی ئەمنیەت بۆ جێگیربوونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەرفەت و پشکی شێر بەر ئەو ڕێکخراوە مەدەنیانە دەکەوێت کە لە هەرێمی کوردستاندا جێگیرن. ژنە چالاکوانێکی دانیشتووی باشووری عێراق دەڵێت: " ئێمە لە بەسرەو ناوچەکانی ئێرە، لەبەر هۆکارەکانی نەبوونی ئاسایش لەم ساڵانەی دوایی لە عێراقدا زۆر فەرامۆش کراوین، ئەو ڕێکخراوانەی لە ناوچەکانی ئێمەدا هەبوون پاشەکشەیان کرد، ئەمەش وای کرد ئێمە بە بەراورد لەگەڵ هەرێمی کوردستان زۆر بە پاش بکەوین "(ژنێکی چالاکوان، تەمەن ٣٦ ساڵ، بەسرە، عێراق). هەروەها لەمەڕ کورتی تەمەنی هەڵمەتەکانی داکۆکیکردن و بەردەوام نەبوونی بە هۆی بەردەوام نەبوونی پاڵپشتی دارایی یەکێکی تر دەڵێت: " کە پاڵپشتی دارایی نامێنێت ئیتر هەڵمەتەکە لەناودەچێت" (ژنێکی چالاکوان، تەمەن ٣٢ ساڵ، دیوانیە، عێراق). لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستانیش هەمان تێبینی لەلایەن ژنانی چالاکوانەوە خرانەڕوو، بە تایبەتی لە خانەقین و کەلار و هەڵەبجە، جا چ لەبەر دوورەدەستی ڕێکخراوەکان بێت، یان نەبوونی ڕێکخراوی ژنان لەم ناوچانە بە بەراورد لەگەڵ پایتەخت و شارەکانی تری کوردستان، وێڕای ئەوەی کە لەو شارانەدا پرسە جێندەرییەکان و پرسی ژن بە گشتی زۆر جێی لەسەر وەستان و ڕەخنەیە بەهۆی زاڵبوونی بیروباوەڕە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان. ژنە چالاکوانێک پێی وایە: " ئەگەر ژنانی چالاکوان بتوانن بە یەکەوە کاربکەن و دەست لە ناو دەستی یەک لە هەموو شار و شارۆچکەکان، لەسەر پرسێک بە یەک دەنگ ئیش بکەن و هەماهەنگی ماددی و مەعنەوی دروست بکەن، دڵنیام بە ئەنجامێکی باشتر دەگەن لەوەی کە ئێستا هەیە" (ژنێکی چالاکوان، تەمەن ٥٢ ساڵ، خانەقین، کوردستان). بۆ بەدەستهێنانی دەرماڵە و پاڵپشتی دارایی کێبڕکێیەکی توند لە نێوان ڕێکخراوەکاندا بەدی دەکرێت، ژنە چالاکوانێک دەڵێت: " کاتێک ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بانگەشە بۆ پێدانی فەند و پرۆژە دەکەن، هەر ڕێکخراوەکانی ژنانن لە ناوخۆیاندا بابەتەکە سارد دەکەنەوە، ئەگەر بۆ خۆیان نەبێت حەزناکەن ڕێکخراوێکی تر پرۆژەکە بەرێت، چونکە یەکگرتوو نین" (ژنێکی چالاکوان، تەمەن ٥٢ ساڵ، هەولێر، کوردستان).

کێبڕکێ و ململانێ بۆ بەدەستهێنانی پرۆژە و پاڵپشتی دارایی لە نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکوانانی ژنان لەم ڕێکخراوانەدا، وای کردووە دەرفەتی یەکسان بۆ هەموویان وەک یەک نەڕەخسێت. بەمەش هەندێک جار ئەو ڕێکخراوانەی تایبەتمەند بە پرسێکی جێندەری کار دەکەن، یان ئەوەتا بە هۆی نەپێکانی ستراتیژی کە کاری پێ دەکەن، یان هەڵبژاردنی میکانیزمێکی دیاریکراو (کە ڕەنگە ڕێکخراوێکی تر بە جۆرێکی تر ئەو هەڵبژاردنەی بکردایە)، پرسەکە، یان داکۆکیکردنەکە بە پێی پێویست بە ئاکام ناگات، یاخود بەردەوام نابێت.

## ئەنجامگیری:

لەم توێژینەوەدا بۆمان دەردەکەوێت بۆ کارکردن لەسەر پرسە جێندەرییەکان، بەرەنگارییەکانی بەردەم ژنانی چالاکوان زۆرن، گرنگترینیان دەکرێت لە شەش دەرەنجامدا کۆبکەینەوە، کە هەریەکەیان کۆمەڵێک ئاڵنگاری لە خۆ دەگرێت. یەکەم؛ نەبوونی ئاسایشی گیانی ژنانی چالاکوان و ترس لە کوشتن و هەڕەشە لێ کردنی خودی چالاکوانەکە، یاخود منداڵ و ئەندامانی خێزانەکەی، هەروەها ناوزڕاندن و ئابڕووبردن، کە وەک چەکێکی قورسی بەرهەڵستکارانی چالاکوانان بەکاردێت. دووەم؛ نەبوونی هەماهەنگی لە نێو خودی ڕێکخراوەکانی کار لەسەر پرسە جێندەرییەکان دەکەن، ئەوانەی هەڵمەتەکانی داکۆکیکردنیان لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤ و مافی ژن دایە. هەندێک جار ئەم نەبوونی هەماهەنگییەش بۆ ناهاوسەنگی لە توانا و لێهاتوویی لە نێو ژنانی چالاکوان، یان ڕێکخراوەکان دەگەڕێتەوە. هەندێ جاری دیکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەندێک لە ژنانی چالاکوان بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو ململانێیەی لە نێوانیاندا سەرهەڵدەدات، بە ڕوانگەیەک گفتوگۆکانیان دەردەبڕن ئەوەی میلەر و میڵۆی بە "کولتووری بە قوربانی بوون"(Miller, 2011) ناوی دەبەن، ئەمان بە پاساوی شکست و سەرنەکەوتنەکانیانی بزانن. سێیەم؛ ڕێگری کولتووریی و ئایینی کە بە دەوری پرسەکانی ژنان و پرسە جیندەرییەکاندا کێشراون. سنووردارکردنی چالاکی ژنان لە چوارچێوەی کولتوورێکی باوی پیاوسالارانە کە ئایین بە ئامراز و پاڵپشتی سەرەکی بزانێت بۆ ڕۆڵێکی نایەکسان لە نێوان تاکەکان، هەوڵ و خەباتی مامەڵەکردنێکی دادپەروەرانە بۆ پرسە جێندەرییەکان لە خشتە دەبات. لە کۆمەڵگایەکی هاوشێوەدا، هیچ کات پرسی ژن پرسێک نییە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، چونکە ڕۆڵە جێندەرییەکان دیاریکراون و مەسەلەکە بڕاوەتەوە، هەروەها هەموو ئەو "سیناریۆیانەی کە ئەم ڕۆڵانە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تێیدا جێگیر کراون، بە پلەی یەکەم پیاون، بۆ پیاوان و دەربارەی پیاوانیش نووسراون. ژنان دروستکراوێکن وەک ئەکتەری یاریدەدەر، ڕۆڵەکەیان ڕەنگدانەوەی چەمکی پیاوسالارییە لە مێیینەبووندا" (Nagel, 2010, p. 243). چوارەم؛ نەبوونی ئازادی ڕا دەربڕین و تێوەگلانی پارت و لایەنە دەسەڵاتدارە سیاسییەکان، بۆ بە هاناوەچوونی هەر کار و چالاکییەک کە پرسێکی جێندەری لە خۆ بگرێت، سانسۆرکردن بەرهەڵستییەکی توندی ئەو لایەنانە دەبێت، جا چ بۆ بەرژەوەندی تاک لایەنە بێت، یاخود بۆ بەرژەوندی ئەجێندای لایەنێک بێت. هاوکات ڕێگری لە ئازادی ڕادەربڕین هاوتەریب لەگەڵ بوون لە پێگەیەکی دەسەلات، یان بڕیاردان، دەبێتە مامەڵە و دانوستانێک بۆ مانەوە لەو پێگەیەدا کە چالاکوانەکە پێی گەیشتووە. پێنجەم؛ ڕۆڵی ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیا کە کاریگەرییەکی کارا، بەڵام زۆربەی جار ڕۆڵێکی نێگەتیڤانە دەبینێت لە بەرەوپێش بردنی پرسی جێندەری و پرسەکانی ژنان لە کۆمەڵگادا، چ لە ڕووی ماس میدیاوە بێت، یاخود پلاتفۆرمە جیاوازەکانی سۆشیاڵ میدیا. لێرەشدا نەبوونی هۆشیاری پیشەیی لە دامودەزگاکانی میدیا، یاخود نەبوونی هۆشیاری کۆمەڵایەتی تاکەکان لە بەکارهێنانی ئەو کەناڵ و پلاتفۆرمانە، دەبێتە هۆکارێکی دیار بۆ بە لاڕێدا بردنی پرس و داخوازییەکانی ژنانی چالاکوان لە هەڵمەت و چالاکییەکانیاندا. شەشەم؛ نەبوونی بودجە و پاڵشتی دارایی بەردەوام. زۆرینەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە کێبڕکێیەکی بەردەوامدان بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی دارایی کە لە لایەن دەزگا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە دابین دەکرێت. هەندێک جار ئەو دەرفەتانەی بۆ ڕێکخراوێک ڕێکدەکەوێت، چەندین ڕێکخراوی تری لێ بێبەش دەبێت، کە لە ڕووی توانا و ستراتیژی کارکردنەوە توندوتۆڵترن. لە لایەکی ترەوە، خودی کاتی دیاریکراو و بودجەی ئەو پرۆژە و پرۆگرامانەی تەرخان دەکرێن زامنی ئەوە ناکەن هەڵمەت و داکۆکییەکان بۆ پرسە جێندەرییەکان بە ئامانج بگەن، چونکە ئەو چالاکیانەی لەم بابەتانەدا دادەڕێژرێن پێویستی بە پلانی ستراتیژی و درێژخایەن هەیە بۆ گەیشتن بە دەرەنجام و کاریگەرییەکانی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

### 1.9حکومەت و پاڵپشتی بۆ کارکردن لەسەر پرسی ژنان

- حکومەت و دەسەڵاتە حزبییەکان لە پەیڕەو و پرۆگرامەکانی خۆیان پێویستە بە کردارانە پاڵپشتی ژنان بکەن، چونکە بە کەمتەرخەمی لە پاڵپشتی کردنی پرسی ژن ئەمنیەت و ئاسایشی ژنان دابین نابێت.
- لە ڕێگەی فەرمانگە ناحکومییەکان و دامودەزگاکانی حکومەت لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنان، هەماهەنگی بۆ پرسەکانی ژنان ڕێکبخرێتەوە و پاڵپشتی دارایی بکرێن، تاکوو خەڵک متمانەیان بۆ بگەڕێتەوە و دڵنیابنەوە کە دەسەڵات بە تەنگ بیروبۆچوونەکانی ژنان و پرسەکانی ژنانەوە دەچێت.
- دامەزراندنی فێدراسیۆنێک بۆ بەدواداچوونی کار و چالاکییەکانی ڕێکخراوەکانی ژنان، تا لە ڕێگەی چەند کۆمیتەیەکی دامەزراوەوە، هەڵسەنگاندن بۆ ئەدا و کاری ڕێکخراوەکان بکات.
- حکومەت ڕاستەوخۆ پاڵپشتی پرسەکانی ژنان بکات و سەنتەرێکی باوەڕپێکراو و بە متمانە و بێلایەن دابمەزرێنێت، تاکوو پاڵپشتی و بەهاناوەچوونی خێرا بۆ چالاکوانانی ژن دابین بکات لە کاتی هەڕەشە و پێویستدا.
- هەرچی یاسا و ڕێسا هەیە، بە لەبەرچاوگرتنی پرسە جێندەرییەکان دەربچێت.

### 2.9 ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کۆمەڵگا مەدەنییەکان:

- ژنان بە بنەمایەک کار بکەن کە بەرگریان لێبکرێت و ڕێگری لە هەموو جۆرە هەڕەشە و دەستدرێژییەک بۆ سەر گیانی چالاکوانان بکرێت.
- دانانی چاودێری لەسەر دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن و بە توانستکردنی ژنانی چالاکوان لە ڕووی ئاسایشی دیجیتاڵی و ئاسایشی یاسایی و سەلامەتی پیشەییەوە.
- دابینکردنی ڕاهێنان و دەرفەتی بەردەوام بۆ گەشەسەندن و بەرزکردنەوەی توانستی ژنانی چالاکوان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- دەرفەت ڕەخساندن بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ ڕێکخراوە جیهانییەکانی کار لەسەر پرسی ژن دەکەن، بۆ ڕا گۆڕینەوە و هاوبەشی پێکردنی پرسی جێندەر لەسەر ئاستێکی بەرفراوان.

## سەرچاوەکان

Abas, H. H. (2018). المجتمع المدني العراقي..جهود ضاغطة في تعزيز الأمن والسلام. *مشاركة النساء في السلام, الأمن والعمليات االنتقالية*.

Abduljabar, F. (2006). *المجتمع المدني في عراق ما بعد الحرب*. Baghdad: معهد الدراسات الاستراتيجية.

Alwa, S. (2016). *التعاون بين منظمات المجتمع المدني في لبنان*. حق المرأة اللبنانية في منح جنسيتها لأسرتها.

Andersen, M. L. (2006). *Thinking about Women Sociologicl Perspectives on Sex an Gender.* United States, Sydney: Pearson.

Anwar, D. K. (2004). *کورد و کۆمەڵگەی مەدەنی*. سلێمانی : دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

Dawson. (2007). *A Practical Guide to Research Methods: A user-friendly manual for mastering techniques and projects.* Oxford: How-to-Books.

Lattimer, M. A.-J. (2018). *Civilian Activists under Threat in Iraq.* Iraq: Ceasefire Center for Civilian Rights and Minority Rights Group.

MacLeod, A. E. (1992). Hegemonic Relations and Gender Resistance: The New Veiling as Accommodating Protest in. *Chicago Journal*.

Miller, M. L. (2011). *The Victimization of Women.* Oxford: University Press.

Nagel, J. (2010). Masculinity and Nationalism: Gender and Sextuality in the Marketing of Nations. *Ethics and Radical Studies*, 243.

Nasser-Eddin, D. N.-A. (2021). *Organisational Safeguarding Best Practices and Procedures: A Toolkit Toward Transtional Intersectional Feminist Accountability Framwork to Respond to Respond to Exploitation, Assults, Abuse, Harassment & Bullying.* USA & Palestine: CTDC and WILPF.

Payne, P. &. (2004). *Key Concepts in Social Research.* London: Sage Publication.

Qaradaghi, M. (2018). *Afratisim " A History of the Struggle fro Gender Equality in Southern Kurdistan.* Erbil.

Rahman, A. (2015). *شەڕی دەروونی داعش و ڕەنگدانەوەی لە میدیای کوردیی دا*. Erbil: Rojhalat, Erbil.

Salah, H. (2018). دور النساء بين فض النزاعات والسلام وصناعة الثورات في مصر. *مشاركة النساء في السلام, الأمن والعمليات االنتقالية*.

Segal, L. (2005). *Why Feminism?* Cambridge: Polity press.

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی. *بە دەست خۆمانە توندوتیژی دژی ژنان ڕاگرین*. (٢٠٠٩). شاکەلی, پ

# Women Activists Challenges and Gender Issues (A Field Study in Iraq)

**Dunya Salahdin Mirdan**
Department of Social Work, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Dunya.mirdan@su.edu.krd

***Keywords***: *civil society, gender issues, women activists, gender, advocacy campaign*

## Abstract

Women activists in Iraq, who work on gender issues and women's issues, face many obstacles and challenges. In this study, we try to identify these challenges and explain the reasons that hinder the work of women activists. Moreover, highlighting and identifying the factors that suspension the continuation of advocacy campaigns for women's issues among women's organizations. For this purpose, a qualitative method was used to interview 22 female activists of civil society organizations working on women's issues and gender in their programs.

***Keywords***: *civil society, gender issues, women activists, gender, advocacy campaign*

---

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# تحديات النساء الناشطات والقضايا الجندرية

**ملخص:**

تواجه الناشطات في العراق ، اللواتي يعملن في قضايا النوع الاجتماعي والمرأة ، العديد من العقبات. نحاول في هذه الدراسة تحديد التحديات وشرح العوامل التي تعيق عمل الناشطات. كما نسعى الى تحديد العوامل التي تعيق استمرار حملات مناصرة في القضايا التي تتعلق بالمرأة في المنظمات النسائية. ولهذا الغرض تم استخدام أسلوب الدراسة النوعية و تم اختيار ادات المقابلة مع 22 ناشطا من منظمات المجتمع المدني العاملين على قضايا المرأة والنوع الاجتماعي في برامجهم ومشاريعهم..

المفاهيم الأساسية في هذه الدراسة هي: المجتمع المدني ، قضايا الجندر، الناشطات النسوة ، االجندر، حملات المناصرة.